ئاژەڵ لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانەی کە بۆ منداڵانی کورد هەڵبژێراون

● نوزاد علي أحمد ●

پێشەکی:-

فۆلکلۆر ئەو سامانە زۆر و زەوەندەیە کە مێژووی گەلان دەگێڕێتەوەو سەربردەی کۆنە ساڵانێکی پڕ ڕووداومان باس دەکات، جا وەکو دەڵێن مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە مل دەبەر لەو چیایەنێ، مەبەستم ئەوەیە فۆلکلۆر چیایە، نەخێر بەڵکو مەبەستم ڕەوسە گەورەکانی فۆلکلۆرە، بەڵێ سەختیشە چونکە مێری ئەوێ خۆی لێدا، تا شەن و کەوی بکات «مەبەستم من و تۆو ئەو. . . هتد نیە» بۆ ئەوەی قومەتەکە بێ بەدوو، قومەتی گەنم و قومەتی کا، حەزناکەم زۆری لەسەر بڕۆم چونکە گەلێك پسپۆڕ و نووسەر لە پیرۆزی دواون، هەندێکیان بوونەتە بنێشتە خۆشەی نێو دەمان. . !!

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا خۆمی لە قەرە بدەم لەو جیهانە پڕ سیحراویەی منداڵانە بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئاژەڵ ویستویەتی لەو جیهانە نزیك بێتەوە، یان ڕۆڵی ئەم بگێرێت. . . جا بە گوێرەی ئەو کەمە ڕۆشنبیری یەی هەمە پاش خوێندنەوەی چەندان چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی تایبەت بە منداڵان وام بە باش زانی ئەو شتانەی لەلام گەڵاڵە بووە بیان خەمە سەر کاغەز و کردیشم. . لەو قەناعەتەشم نوقسانی زۆرە، بەڵام وا بزانم لە نەبوونی باشترە چونکە ئەوەندەی گەڕام بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردی سەرچاوەیەکی ئاوام بەردەست نەکەوت، تا سوودی لێ ببینم، تەنیا چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی نەبێت. . .

وام بە باش زانی لێکۆڵینەوەکەم بکەم بە دووبەش لە بەشی یەکەمدا چەند خاسیەتێکی جیهانی ئاژەڵ و منداڵ لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانە دیاری بکەم. . لە بەشی دووەمیشدا هەندێك چیرۆکم بە نموونە هێنا وەتەوە، تا ئەو سەرباسانەم بەهێز بکەن کە بۆ بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەم هەڵم بژاردوون چونیەتی سەرباسەکانیش پەیوەندی بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەیە. . پێویستە ئەوەش دەربخەم کە لێکۆڵینەوەکەم بە گشتی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەیە، واتە لایەنی ناوەڕۆکم گرتووە. . . ئیتر نازانم پێم دەڵێن: خەرمان بەرەکەت، یانماڵی قەڵپ سەر بەخاوەنیەتی.

بەشی یەکەم:

١ - بۆچی ئاژەڵ. . ؟

بە ڕای من هەر نووسەرێك کە دەست دەداتە قەڵەم پێویستە یەکەم جار بیر لەوە بکاتەوە ئایا ئەو بابەتەی دەینووسێت شتێکی سواونیە؟ یان چەند گوڵم بۆ خەرمانی ئەدەبەکەی زیاد دەکات. . . ئینجا دوایی نەخشە و ڕیزکردنی سەرچاوە دێت، کە هەر هەموو ئەوانەش بەندن بە زەمینەی ڕۆشنبیری بێجگە لە خۆماندووکردن. . جا ئەو باسەی منیش ماوەیەکی چاکە لە مێشکم گینگڵ دەدات و ئەملاو ئەولام پێ دەکات، هەتا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی چەند لاپەڕەیەکی پێ ڕەش بکەمەوە، ئەگەر هەر هیچیشی لێ دەرنەچێت، ئەوە دەراوێك لەم لایەنە بکاتەوە. . . .

بۆ ئاژەڵ. . ؟! بەڵێ بۆ ئاژەڵ! بە کورتی لەبەر ئەوەی ئاژەڵ جیهانێکی سەیر و سەمەرەی هەیە ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە هیچی لە مرۆڤ کەمترنیە، دوایش کێ دەڵێ ڕۆژە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەمەوە دەستی پێ نەکردوە، یان گۆڕانێکی بەسەرا هاتبێت. . . ئەمانە هەمووی لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەو جیهانە بەرفراوانەی سامانی میللەتەکەمان تا ئێستا بە شێوەیەکی وا خۆی لە قەرە نەدراوە تاسکمان بەخۆمان نەسوتێت، نەخوازەڵڵا ئەو بەشە گەورەیەی چیرۆکی فۆلکلۆری کە تایبەت بە منداڵانمانن، «بە تایبەتیش ڕۆڵی ئاژەڵ» واش بزانم کاتی ئەوە هاتووە هەندێکمان خەریکی ئەو دەقە فۆلکلۆرییانە بین کە لەلایەن خوشك و برا دەران کۆکراونەتەوە چونکە بۆمان هەیە بڵێین با هەر کەسە و لەلای خۆی

خەریـك بێت هەنـدێك بە « خرکردنەوە» ـ جمع ـ هەندێکی تریش بەشەن و کەوو لێکۆڵینەوە ـ دراسة ـ بەڵام حەز ناکەین خرکەرەوەکان بەلێکـۆڵـەران ـ باحث ـ بڵێین حازربـەدەستن، ناوانیـە «مەربەپێی خۆی وبـزنیش بەپێی خۆی. . یان چاکتـرە بڵێین «کـەس رزقی کەس ناخـوا» هەردوو لایـان هەرخزمـەتی ئەدەبی بەلـەنگازی کوردییە، قەت نەبووەو ناش بێت تەڕو هیشك وەکو یەك بسوتێنرێ. . !

بوونی ئاژەڵ لە چیـرۆکی فۆلکلۆری بە تایبـەتی ئەوچیـرۆکـە فۆلکلۆر ـ یانەی بۆ منداڵانی کورد هەڵبژێراون ڕووبەرێکی چاکی داگیـرکـردووە. ، بە زۆریش ڕۆڵی سەرەکی واتە ڕۆڵی پاڵەوان کاك عبـدالغني بەعلی پەحیـا دەڵێت: «زۆرتر لە نێو خەڵکدا باوە کە تێدا گیان لەبەر دەوری سەرەکی دەبینێ و زیاتر لە چیرۆکی دی سەرنجی منـداڵ ڕادەکێـشێ و بە پەسنـدی دەزانن، ئەم جۆرەش خۆی لە خۆیدا دەکـرێـتـە دووبــەش بەشی یەکـەمیـان ئاژەڵ و بەشی دووەمیشیـان باڵنـدەن»[1] ئەوەی لەم چەند دێڕە وەدەردەکەوێت کاك عبـدالغني شتێکی وردی وە دیـار خستـووە ئەویش جیـاکـردنـەوەی ئاژەڵ و باڵنـدەیـە، کە من تەنیـا لقێکم گرتـووە ئەویش «ئاژەڵ»ە، چونکـە زۆربـەی نووسـەرانمان تاکو ئێستا ئەو دووانەیان تێکەڵاوی یەکتـر کردووە. . ! جا هەڵبـژاردنی ئەو سەرباسەی منیش پەیوەندی بەو کۆمەڵە بۆچوونە هەیە کە لە پێشەوە باسم کرد. . .

۲ ـ ئاژەڵ و مرۆڤ :

ئەگـەر بمـانتـوانیبـایە هەمـوو مێـژووی کۆنی مرۆڤایەتی تاوتوو بکـەین و. . ئەگـەر هەبـوایە. . ! بچووبانە بنج وبناوانی ئەوشتانە تاکو ئێستا نهێنی و شاراوەن، بەڵام تاکو ئێستـا زۆریان بوخچەی نەکراوەن و شتێکی ئاوایان لێ هـەڵنـەکـرانـدووەو قوڵاییـە تاریك و نووتـەکانیان نەدۆزرانەتەوە. . . جا وەکو شتێکی حەتمی پێویستە بۆ ئەو دەقـانە بگەڕێینەوە «واش کراوە» کە وەکو سامانێکی کۆمەڵگای مرۆڤـایـەتی دەستمـان کەوتـوون، ئیتر لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا لایـەك لەو دەقـانـە کراوەتـەوەو تۆزێـك هەڵگێڕ و وەرگێڕ کراوەن و بە گوێرەی باری زانیاری ئەو سەردەمە شتیان لێ وەرگیراوە. . .

لە سەردەمـە هەرە زووەکـانی مێـژووی مرۆڤـایـەتیـدا ئەدەب هەبووە، بەڵام نەك وەکو ئەمڕۆ، ئێمەش بڵێین ونەڵێین ئەدەبیاتیش ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە لە نێو منداڵدانی واقیعەکەی سەری هەڵـداوە، لە ئەدەبیشـدا ئێمـە ملی حیکـایـەت و ئەفسـانە دەگرین، ئەگەر شتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵێ هەندێك شتمان پێ دەڵێن، ئەگـەر هەر هیچمـان پێ نـەڵێن، دەڵێت: کۆمەڵگای ئەو سەردەمی ئی وهـا ژیـاون، ئی وها ڕاویان کردووە، ئی وها گوزەرانی ڕۆژانـەیـان بردۆتـەسـەر. . . بۆ نموونە ئەگەر ئەو شتەی «کاوە» یان «زوحـاك» یان «ئـەژدەهـاك» . . .[2] هەڵبـەسـتـراوەو وتراوە ئەفسانە بێت، یان هەقیقـەت بێت، ئەوە بە قەنـاعـەتی من مێژووییەك یان دەراوێك بۆ کۆمەڵگای ئەوسای کورد دەست نیشان دەکات، کە من بەو سەردەمـە دەڵێم: قۆناغی کۆیلایەتی گەلی کورد، نموونە زۆرو زەوەنـدە، نەك لە ئەدەبیـات و کەلـەپـووری کوردی بەڵکو لە هەموو سامـانی مرۆڤـایـەتی شتی ئاوا دەبینـدرێت، بابـە کورتی مەبەستی تەواومـان ڕوون بکـەیـنـەوە: ئاژەڵ و مرۆڤ هەر لە سەردەمـە کۆنـەکـانەوە پەیوەندییەکی چاکیان بەیەکەوە هەبووە کە هەردووکیان تەواوکـەری یەکتـربـوویـنـە ئێمـە دەمانەوێت بڵێین بە هۆی ئەو دەقە فۆلکلۆرییـانـەی دەستمـان کەوتـوون دەتـوانین ئەو پەیـوەنـدییـە بدۆزینـەوە، کە بە هۆی ئەو پەیوەنـدییـە دۆزراوەش دەراوێـك بۆ مێـژوو و گوزەرانی ئەوسـای گەلـەکەمان دەکەینەوە چۆن؟ هەر هیچ نەبێ دەتـوانین داب و نەریتی ئەوسـای گەلـەکـەمان دەست نیشان بکـەین، با بۆ نمـوونـە جارێکی تـر بگـەڕێینـەوە سەرسـەربـردەی (زوحـاکی زۆردار) کەوا دەڵێن ئەگـەر دوو «مار»ەکـەی سەر شانی زوحـاکی وەدەربکـەوتبـانە دەبوایە مێشکی دوولاویان بدرێتێ، کێ دەڵێ ئەمە ڕاستە؟ ئەی کێ دەڵێ ڕاست نیە؟

یان ئایـا ئەمـە شتێکی ئەو سەردەمـە دوورەمـان بۆ ناگێـڕێتـەوە؟ حیکـایـەت و سەربـردە لەسـەر ئاژەڵ زۆرەو بەهۆی هەر یەکێك لەو هەقـایـەتـانـە دەتـوانین کۆمـەڵێ شت هەڵێنجین، ئا لێـرەدا بۆ وەدیارخستنی سەردە مێژووییەکەی ئەلکزانـدەر هجرتی کراب دەڵێت: [3] (هـەقـایـەتی ئاژەڵ، یەکێکـە لە کۆنترین چیـرۆك کە زانیـومـانـە) هەر بۆ بەیـان کردنی پەیـوەنـدی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ ئەلکـزانـدەر باسی ئەوە دەکـات کە گەلێـك ئاژەڵ بوونەتە خواوەندو ڕەمـزێکی پیـرۆز[4] (هـەنـدێك لەو چیرۆکانەی لە دەوری ئاژەڵان دەسـووڕێنـەوە، پێشکـەوتوونەو بوونەتە خواوەند، ئەو هەقایەتانەش سەرەتـایـەکی ڕاستـەوخـۆن بۆ ئەو هەقـایـەتـانـەی کە لە دەوری خواوەندەکان دەسووڕێنەوە یان وەکو وتوومە سەرەتایەکن بۆ ئەفسانە)[5]

۳ ـ منداڵ و ئاژەڵ :

منـداڵ بە چەنـد قۆنـاغێـك تێـدەپەڕێت، پاش ئەوەی لە دایك دەبێت، لە هەر قۆنـاغـەو خاسیـەتێکی تـر بە خۆی دەگـرێت، لە

قوناغی (پەنەوانی ٨ - ١٢)[٥] مندال حەز دەکات زیاتر لە جیهانی ئاژەلان نزیک بیتەوە بە تایبەتی ئەو ئاژەلانەی لە دەوروبەرەکەی دەژین و وادەکات وەکو پالەوانیکیش رۆلی ئەوان بگیریت. . بیجگە لە ئاژەلی هەقیقی، کە وینەیەکی ئاژەل دەبینیت هەمیسان پیی دلخوش دەبیت، گەلیک جار دەست دەکات بە چەپلە لیدان بە تایبەتی کە دەبینیت ئاژەلەکە دەجولیتەوە وەکو لە تەلەفزیون دا دەیبینین، ئەمە نەك لەو قوناغە ناوبراوەی ناومان هینا، بەلکو لە دوو قوناغەکەی پیشووش مندال حەز لە جیهانی ئاژەلان دەکات گەلیك جار رووی‌داوە مندال لە قوناغی یەکەمی ژیانیدا ئاژەلیکی خوشویستووە، کەچی لە دوا قوناغی رقی لی بوتەوە، بەرای من ئەوە بە گەشەی میشکی بەندە، چونکە بەرە. . بەرە میشکی گەشە دەکات و کامل دەبیت. . . لیرەدا بەرامبەر بە مروف پرسیاریك خوی زەق دەکاتەوە ئایا لە قوناغی یەکەمدا (قوناغی واقیعی و خەیالی سنووردار) مندال هیچ جیاوازی لە نیوان مروف و ئاژەل دەکات؟ بەرای من هیشتا بە وردی وەلامی ئەم پرسیارە نەدراوەتەوە رەنگە هەر کەسەو رایەك بدات، بەلام هیشتا لایەنە زانستیەکەی نەخراوەتە روو. . ! خالیکی تر ماوە کە پیویستە روونی بکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە مندال بو هەر ئاژەلیك ناویك دەردەبریت، یان رەمزیك بەکاردینیت، بو نموونە کە (کەر)یك دەبینیت دەلیت (حەچە) یان (بەعە) راستە لە سەرەتادا دایك و مالەوە ئەو وشەو برگانە فیری مندال دەکەن بەلام دەبیت ئەمەش بناغەیەکی میژوویی هەبیت کە لە و باوەرەش دام سەرچاوەی سەرهەلدانی ئەو وشانە هەر مندال خویەتی واتە: یەکەم جار لە دەمی مندال پرژابیت و ئینجا خوی جیگیرگردبیت جا بو ئەوەی ئەو چەند دیرە راستی بدەنە دەست ئەوە ناوەروکی چیروکی فولکلوری کوردی بو زاروکان پریەتی لەو راستیانە بەلکو گەلیك شتی تریشی تیایە. . .

بەشی دووەم:

لەم بەشەدا بیجگە لە تاوتووکردنی سەرباسەکانم بە نموونە زیاتر رایەکانم لە راستی نزیك دەخەمەوە. . . نموونەکانیش زیاتر ئەو چیروکانەن کە بلاوکراونەتەوە چ بە نامیلکە یان کتیب، وەکو لە پیشەوەش گووتم من زیاتر لە ناوەروکی چیروکەکان دەدویم بە تایبەتی ئەو چیروکانەی لەم لایەنە دەستکاریەکی ئاوایان نەکراوە، واتە میزاجە کونەکەی چیروکەکان تیك نەدرابی. . ئەو چیروکانەش هەموو ئەو چیروکانەنین کە بلاوکراونەتەوە چونکە من نەهاتووم بیبلیوگرافیای ئەو چیروکە فولکلوریانە ریك بخەم کە بو مندالان لە واقیعەکەمان هەلینجراون. . ئەو چیروکانەی من هەلم بژاردوون بو بە پیزکردنی باسەکەیە.

١ - دز یان مشەخور:-

کاکە جەزا عەلی ئەمین دەلیت: «من تا ئیستا ناو بە ناو ترس وەك تالە موویەکی باریك ئاویتەی چیروکەکان دەکەم بەلام بە نیازی ئەوەنا مندال زارەترەك بی! ترس بو ترس نا، بەلکی بو زانینی حقیقەتی باسەکەیە، یان ترس بو هەیە؟ کی دەیهینی؟ کەی نامینی؟» ئەم ووتەیەم بویە هینایەوە، دەمەویت پیتان بلیم دزیش جورە ترسیکە کە راچلەکینیکی ترساوی سەرتاپای لەش داگیر دەکات نەخیر لەلا مندال. . . دزی و مشەخوریش بە شیکن لە واقیعی دوینی و ئەمرو ئەی بوچی باسیان نەکەین و ژیانیکی ئاوەژوو فیری مندالانمان بکەین، بەلام سەربارەی ئەم کردەوەیە پیویستە بەرەبەرەکانێکی کەش هەبی. . . فولکلوری کوردیش بە تایبەتی لایەنی رازو حکایەت و چیروکی لەم شتە بەدەرنیە کە ئەمە ئەو چیروکانەش دەگریتەوە کە بو مندالان ریك خراون.

فولکلوری هەموو سەر رووی زەمین دوو لایەنی تیایە دەبینریت، کە لایەنی «خیر و شەرە» دزیش لایەنی شەرە، لە زوربەی چیروکەکانیش لە دوایدا هەر لایەنی خیر سەردەکەویت، لەو چیروکانەی بو مندالانیش هەلینجراون هەروایەو گرەو هەر بو خیرە. . . بە زوریش لەو چیروکانەدا ئاژەل رولی سەرەکی دەبینیت بە تایبەتی بو دزی کردن، یان مشەخوری.

ئیستا چیروکی بە نموونە دەهینمەوە هەم لایەنی دزی تیایە هەم لایەنی مشەخوری «تیتل و بیبل»[٦] دوو کاریلەی بزنیکن هەموو جاری کە بزنەکە بو لەوەر دەچوو دەیشاردنەوە تا کەس نەیان خوات. . ئیواران بزنوکە دەگەراوەو دەیگوت:-

تیتل و بیبلی دە دایە
دەرکەی وەکەن لە دایە
شیرم دە گوانان دایە
گیام دەکەلینی ددان دایە

هەتا روژیك، گورگیك بەشوینەکەیان دەکەویت و لە دەرگا دەدا کەچی ئەوان دەرگای لی ناکەنەوە، چەند جاریك فیل دەکات کەچی هەرنایکەنەوە تا شیعرەکەی سەرەوەش دەلیتەوە هەر سوودی نابیت ئینجا دەرکە لەریسمە دەبات و هەردووکیان دەخوات. . . ئیتر گورگی تاوانبار ئەم تاوانە دەکات، تا لە کوتاییدا بزن و گورگ لەسەر ئەوە ریك دەکەون، کە بەشەربین بو ئەوەی بزانن کی

دەبیـاتـەوە. پاش شـەڕێکی توند کە گەلێك هاتبوونە سەیریان، بزن شاخە تیژەکانی لە زگی گورگ داو تیتل و بیبل بە ساغ و سەلامەتی لە زگی گورگ هاتنە دەر. . . ئیتر بزن و تیتل و بیبل گەڕانەوە ماڵ.

ئێستا با بزانین دەرەنجامی ئەم چیرۆکە چی‌یە؟

١ - باسی دزی‌کردنێـك دەكـات، كە ئاژەڵێـك لەسـەر بەرهـەمی ئاژەڵێکی تردەژیت!

٢ - ململانێ‌یە لە نێوان خێر و شەڕ.

٣ - منداڵ فێری ئەوە دەبێت هەر خێر بەسەر شەڕدا زاڵ دەبێت.

٤ - ڕوونکی تری واقیعەکەیە.

٥ - خاسیـەتـی دوو ئاژەڵ خراوەتـە ڕووبزنی سوودمـەنـد هەر سوودمەندیشە «واتە لە چیرۆکەکە» لەگەڵ گورگی بەزیان، کەهەر زیانداره

٦ - خاسیـەتێکی ئەفسـانـەیی تیـایـە کە بریتی‌یـە لە: پاش ئەوەی گورگـەکـە هەردوو کاریلەکە دەخوات، دوایی بە سەلامەتی لە زگی گورگەکە دێنەدەرەوە.

چیـرۆکی بەم شێـوەیـە لە ئەدەبی فۆلکلۆریمـان زۆرە، ئەم چیـرۆکـەش بۆ چەسپـاندنی ڕایەکانمان بەسە، چونکە گەلێك جار زۆر، بۆر دەبێت. . . بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانە

ئەم وتـەیـە دەهێنمـەوەو دەرگـای ئەم سەرباسەی پێ دادەخەم:

«پێـویستـە منـداڵ بۆ شەڕێکی تووش ئامـادە بێ دژی ناهێمنی و زوڵم و بێدادی»(١٠)

ج - ململانێ:-

«حیکـایـەتی ئاژەڵان شێـوازە چیرۆکێکە، ئاژەڵ ڕۆڵی سەرەکی تیایە دەبینێت»(١١)

ئاژەڵیش وەکو بەشێك لەو سروشتەی لێی ژیاوەو لێی دەژیت تووشی هەڵـدێـرو دەشتـایی هاتـووە بۆیـە سەیـرنیـە ئەگـەر باسی ململـانێی نێـوان ئاژەڵان بکـەین، گواستنـەوەی قۆنـاغـەکـانی ئاژەڵیش لە چاخێك بۆ چاخێکی تر بەندبووە بە ململانێ بۆ؟ چونکە وای لێکـردووە زیـاتر لەگەڵ ژیان ڕابێت وخۆی بپارێزێت. . .(١٢)

«گەشتێ بەرەو کوێستان»(١٣) چیرۆکێکی سامانی نەتەوایەتیمانەو لە دەوروخولی جیهـانی منـداڵان دەسـوڕێتـەوە، کەرێـك دەچێتـە کوێستـان لە ڕێگـا تووشی دوو بەران دەبێت لەگەڵ خۆیان دەبات، کەڵـەبـابێکیش دەگـەڵی کەوتـەڕێ لە نێـوان خۆیـان بڕیاریان دا لە هەمـووو تەنـگ وچەڵـەمـەیـەکـدا پشتی یەکتر بگرن، تا ئێرە ئەمە ڕوونکی چیـرۆکـەکەیە، ڕووەکەی تریشی بریتی‌یە لە گورگێك کە ڕووی شـەڕە، ئەویتـریش ڕووی خێـربـوو «پیـرەکـەر بەبەرانەکانی گووت ئەوە من لە ناو ئەم قنە گیایە دەڵەوەڕێم و هەرکە گورگە بۆلای من هات، ئێـوە بە قۆچـەکـانتـان هێـرشی بۆبـەن وزگی بدڕن و کەڵەبابی هاوڕێشمان بادەم چاوی بە دەنووکی بڕنێتەوە.

هەموویان لەسەر قسـەی پیرەکەر ڕێك کەوتن کە گورگەکە بۆلای پیـرەکـەرەکـە چوو کەڵـەبـاب خۆی بە دەم و چاوی دادا و ڕنیـەوەو بەرانـەکـانیش گەیشتنـە سەری‌و بە قۆچـەکـانیـان زگیان دڕی، ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چەندان چیرۆکەی کە بەزەقی ململانێی نێوان ئاژەلانی تیـایـە دیـارە، دەتـوانین ئەم سـەرنجـانە لەمەڕ ئەم چیرۆکە بخەینە ڕوو

١ - ململانێی نێوان خێروشەڕ.

٢ - کەرو بەران و کەڵـەبـاب دوو ئاژەڵ و پەلـەوەرێکی سوودمەندن لەبەرەی خێر.

٣ - گورگ وەکو ئاژەڵێکی زیان بەخش لەبەرەی شەڕ.

٤ - سەرکەوتنی بەرەی خێر.

٥ - لایەنێکی پەروەردەیی جوانی تیایە، پشتی یەکترگرتن و سەرکەوتن.

٦ - ململانێ لە پێناوی مانەوەی بەرەی خێر.

٧ - ڕێك کەوتن لەسەر چەند فێلێك بوو سەرکەوتن.

د - بەزمی مام ڕێوی:

ئاژەڵ گەلێـك جۆری هەیـە، هەر جۆرەو بە گوێـرەی ئەو ژینگـەیـەی لێی ڕاهـاتـووە دەژیت، ئەگـەر سـەیـری ئەودەقـە فۆلکلۆرییـانـە بکەین دەبینین ژینگە ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕیت لە خۆگونجانـدنی ئاژەڵ وەکـو لە پێشـەوەش باسم کرد پانتایی ئاژەڵ لەڕووبـەر دیـارە بەلام ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشـاوە، ڕێوی لەو پانتایی‌یە زۆری بەردەکەوێت، بە ڕای من بوونی ئەم ئاژەڵە یەکەم بۆ جۆرو شێوەو هەڵکـەوتـوویی ئاژەڵەکە دەگەڕێتەوە، دووەم بۆشوێنە جوگـرافیـاکەی. . . ئیتر بەزمی مام ڕێوی زۆرە، بەزم لەگەڵ ڕێوی واتـە ڕێـوی لەگـەڵ ڕێـوی، ڕێـوی لەگـەڵ ئەسپ، ڕێوی لەگەڵ سروشت، ڕێـوی‌و مرۆڤ، ڕێـوی لەگـەڵ باڵنـدە، ڕێـوی لەگـەڵ پەلـەوەر. . . هتـد، مام ڕێـویش، بەڕێـوی فێلباز بەناوبانگە نموونە زۆرەو پێـویست بە ئەوەنـدە نمـوونـە هێنـانـەوە ناکات بۆیە وامان بە چاك زانی خۆمـان لە قەرەی یەك نمـوونـە بدەین «ڕێـوی گەرمیان و ڕێـوی کوێستـان»(١٤) چیـرۆکێکی فۆلکلۆری خۆشـە سەرنجی منداڵان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، دوو ڕێوی دەبنە هاوڕێی‌یەك،

یەکێکیان سێ فێڵ دەزانێ، ئەویتریشیان سی‌وسێ فێڵ... ڕۆیشتن تا تووشی دوونگە مەڕێکی قەڵەوبوون، ئەوڕێوییەی سێ فێڵ دەزانێ بەوڕێوییەی ووت کەسی‌وسێ فێڵ دەزانێ گووتی چۆن دەستمان لێ گیر دەبێ، خۆی لێ نزیك خستەوەو پێوەبوو، ڕێوی سێ فێڵیش بە کلکی دوونگەکەی لێ کردەوەو خواردی، ئینجا ڕێوی سی‌و سێ فێڵ بە ڕێوی سێ‌فێڵی گووت:- چۆنم ڕزگار دەکەی؟!

ڕێوی سێ فێڵ گوتی: کە خاوەن بیستان هات، تۆش خۆت بمرێنە، منیش لە دوورەوە خۆشەل دەکەم بۆئەوەی بێتە لات، کە زانی تۆ مردی لە تەڵەکەت بکاتەوە، منیش وا بەشەلی بمینێ دەکەوێتە دووم ئەو کاتە ڕادەکەم و تۆش لە لایەکی‌ترەوە بۆی دەرچە؟!

بەم جۆرە ڕێوی‌یەکەی‌تر ڕزگار دەبێت، هەمان ڕێوی سی‌وسێ فێڵ جارێکی‌تر چووە گوندێك بۆئەوەی مریشکێك بدزێت کەچی لەبەر سەگەی ئاوایی ڕایکرد بە دەست بەتاڵی گەڕایەوەو کەچی ڕێوییەکی‌تر چووەبن گوندی‌وخۆی بە مردوودانا بۆبەیانی چەند پەلەوەرێکی گوندی لێی نزیك بوونەوە تا لە ناکاوڕا یەکێکیانی فڕاند... بە هەمان فێڵ و تەڵەکەبازی لە لەهەرسێك ڕزگاری‌بوو.

سەرنجم لەسەر فێڵەکانی ڕێوی:-

١ - زۆربەی فێڵەکانی مام ڕێوی لایەنی (سلبی)یە.

٢ - زۆربەی فێلەکانی مام ڕێوی لە پێناوی زگ پڕکردنی خۆیەتی.

٣ - مەرج نیە ڕێوی لە هەموو کارەکانی سەرکەوتن بە دەست بێنێت وەکو چیرۆکی «پڵنگ» هەبوو.. نەبوو.[١٥]

٤ - ئەوترس ومشەخۆرییەی مام ڕێوی دەرسێك فێری منداڵان دەکات بۆئەوەی ڕێگا ڕاستەکە ببینن، کە دوایی فێر دەبێت ئەو کارانە لای کۆمەڵگاکەی پەسندنین..!

٤ - لایەنی پەروەردەیی:

چیرۆکی فۆلکلۆری بەشێکە لەوژیانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پیایا تێپەڕیوەو ئەمرۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.. جا (ئاسایی یە ئەگەر منداڵ ئەو چیرۆکە میللیانەی خۆش بوێ، چونکە لە هەموو شوێنێ لای خەڵك خۆشەویستن لەبەر ئەوەی بە وێنەیەکی ئەدەبی‌و هونەری کەلەپووری مرۆڤایەتی دادەندرێت)[١٦] بۆیە جێگای گومان وسەرسوڕمان نیە منداڵ بە قەد ژیانی نێومرۆڤان حەز بە ژیانی نێوئاژەڵان بکات، ئینجا بۆمنداڵ حەز لەوچیرۆکانە دەکات؟ ئایا ئەویش هەست بەوە دەکات ئەمە لاپەڕەیەکی کۆنەو ئاوێنەی ئەمرۆمان پێشان دەدات؟ یان هەست دەکات ئەمە کۆنە سروشتەکەی خۆیەتی؟ یان وەکو گۆرکی دەڵێت: (پێویستە کتێبی لەمەڕ دوێنێ بخوێنینەوە، هەتا بە چاکی لە ئەمرۆ بگەین)[١٧] ئایا بۆچوونی منداڵ بەمجۆرەیە یان قۆناغی منداڵی، قۆناغی ئاژەڵی‌یە؟

ئەوەی ئێمە لێرەدا هەڵوەستەیەکی بۆدەکەین لایەنی پەروەردەیی‌یە لەوچیرۆکە فۆلکلۆرییانەی بۆمنداڵانی گەلەکەمان لە واقیع هەڵێنجراون.. لە کۆندا کە داپیرە لە شەوی ساردوسڕی زستاندا هەقایەتێکی بۆمنداڵان دەگێڕایەوە، بێجگە لەوەی بە تام و بۆیەکی خۆش چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، ئەگەر چیرۆکەکە ترس و دزی‌و یان شتێکی زیان بەخشی تیابایە بۆمنداڵان لێکی دەدایەوەو بە گوێرەی هەقایەتەکە ڕێگای ڕاستی پیشان دەدا ئەمەش خۆشی لە خۆیدا لایەنێکی پەروەردەکردنە، زۆربەی جاریش پاش تەواوبوونی چیرۆکەکە منداڵان دەستیان بە پرسیار کردن دەکرد، وەکو باسمان کرد گەشەی منداڵ بە چەند قۆناغێکی دیاریکراو تێدەپەڕێت، هەر قۆناغەو خاسیەتی تایبەتی هەیە، بۆگێڕانەوەو بڵاوکردنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان پێویستە هەمان بناغە ڕەچاو بکرێت، چونکە ئەگەر نا بێ مەنهەجی سەرهەڵدەدات... ڕەنگە خەڵکێکی وا هەبن وبڵێن ئەوچیرۆکە فۆلکلۆرییانە باویان نەماوەو ئەمرۆ دوورن لە پەروەردەکردنی منداڵان، من تاکە پرسیارێك دەکەم نەك درێژەی پێ بدەم، با نموونە بێنین ولە مەداری مەبەست تزیك ببینەوە.

چیرۆکی (کێشکۆکەو مام ڕێوی)[١٨] چیرۆکێکە تام وبۆیەکی خۆشی تیایەولە جیهانی دەژێت (کێشکۆکەکی جوان لە دارستانێکدا لە ناکاوڕا ڕێوی‌یەکی فێڵبازپری دایێ‌وگرتی، ڕێوی لێ پرسی: ئەرێ کێشکۆکە، ئەوە پێم ناڵێی تۆی بێ‌دەسەڵات و نەفام بۆچی ئەوەندە دڵ خۆش وبەختیاروسەربەستیت؟! ئەمیش گوتی: وەرە تۆبەرەڵلام بکە با بفرمە سەرلقی ئەم دارانە، ئینجا بزانە هۆی بەختەوەری من چی‌یە؟ ئینجا کێشکۆکەی بەرەڵلاکردو فڕی‌یە سەر بەرزترین چلێ دارێك ڕووی لە ڕوی‌کردو گوتی:

هۆی ڕێوی ڕاستە من بێ دەسەڵاتم، بەڵام هەمووکاتێکیش بیر لە ئازاردانی کەسانی‌تر ناکەمەوە کە لە خۆم بێ‌دەسەڵات ترن، بە هیچ جۆرێك زۆرداریم بە خەیاڵدا نایەت، کەچی ڕێوی‌یەکی فێڵبازی وەك تۆ هەمیشە بیر لە ئازاردانی کەسانی بێ دەسەڵات دەکەیتەوەو زۆرداری خۆت بەرامبەریان دەنوێنێت، هەر بۆیەشە هەموودەم وا لەغەم وپەژارەو ناخۆشی دا ئەستۆت شکاوە، چونکە

هەرخەریکی ئەم جۆرە بیرکرد نانەوەی)

با بزانین لە ململانێی ئەو ئاژەڵ و باڵندەیە منداڵ چ دەرسێك وەردەگرێت:

١ ـ فێری ئەوە دەبێت چۆن عەقڵ بەکاربێنێت، بە تایبەتی بۆخۆ رزگارکردن و دەربازکردن.

٢ ـ زۆرداریتی تاسەر نیە.

٣ ـ ر. ێگایەکی راست بە منداڵ پێشان دەدات، کە بیر لە ئازاردانی خەڵك نەکاتەوە.

٤ ـ منداڵ بیر لە زۆرداری نەکاتەوە.

٥ ـ ئەوەی بیر لە زۆرداری بکاتەوە هەمیشە پڕ تەنگ و چەڵەمەیە.

ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم باسە دەگەینە قەناعەتێك کە فۆلکلۆری کوردی هێشتا گەلێك زۆری وەبەرماوە لە رووی خرکردنەوە یان لێکۆڵینەوەی ئێمەش لەم باسە کورتەدا لە رۆڵی ئاژەڵی نێو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بۆ زاروکان دواوین و بە گوێرەی توانای رۆشنبیری و تێگەیشتن، باسەکەم کردۆتە دووبەش: بێجگە لە پێشەکی یەکی گشتی لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باسی رۆڵی ئاژەڵم کردووە، هەوڵم داوە پەیوەندی یەکی گونجاو لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بدۆزمەوە لە بەشی دووەمدا لە چەند سەرباسێکی نوێ دواوم لەگەڵ هێنانەوەی چەند نموونەیەکی گونجاو بۆ هەر باسێك. بە کورتی: ئاژەڵ ئەوگیاندارەیە، کە منداڵ حەزی لێ دەکات، خۆشەویستی هەر ئاژەڵێکیش لای منداڵ بە گوێرەی چەشەی منداڵ دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە رووی قەبارەو سوودمەندی و زیانداری و کۆمەڵێ شتی تر، کە پەیوەندی بە دەروونی منداڵەوە هەیە.

پەراوێز:

---

١) عبدالغني علي يحيى، چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی لە ئەدەبی منداڵاندا گۆڤاری «ئۆتۆنۆمی» ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٣، لاپەڕە «١٢٤».

٢ ـ د. محمد نوری عارف، مامۆستای زمانی فارسی یە لە بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەددین، زانیاری یەکی لەمەڕ زوحاك و نەورۆزو کاوە پێیە، لە پیاسەیەکی تایبەتیدا هەندێك سنی درکاند، رەنگە ئەو چەند بۆچوونەم لەمەڕ زوحاك بۆنی بۆچوونەکانی ئەمی لێ بێت، سوپاسی دەکەم.

٣ ـ الكزاندر هجرتي كراب، علم الفلكلور، ترجمة. رشدي صالح، دار الكاتب العربي، القاهرة ـ ١٩٦٧، لاپەڕە «١١٤».

٤ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە «١١٩»

٥ ـ كراب: مەبەستی ئەوەیە لە شوێنێکی تری هەمان کتێبی دا باسی ئەمەی کردووە.

٦ ـ بۆزیاتر شارەزابوون لە قۆناغەکانی گەشەبوونی منداڵ سەیری ئەولێکۆڵینەوەم بکە کە لە ژمارە (١١٥)ی گۆڤارە رۆشنبیری نوێ بڵاوم کردۆتەوە.

«هەبوو. ـ نەبوو» بەناوی «رویڤی» چاپی کردووە.

٨ـ جەزا عەلی ئەمین، سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەدەبیاتی منداڵان، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ـ ٦ ـ ی خوولی دووەم، شوباتی ١٩٨١، لاپەڕە ـ ١٦٦، ١٦٧ ـ

٩ ـ دەستنووسی خۆم، لەم دووسەرچاوەش هەیە: ـ

أ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، تێتێلەو بیبیلە بە ناوی «دادگایەتی بزن و گورگ».

ب ـ عبدالرحمن نقشبندی، هەبوو. نەبوو، بە ناوی «زەنگ و بەنگ».

١٠ ـ هەمان سەرچاوەی هەشتەم، لاپەڕە «١٦٧»

١١ ـ د. عبدالرحمن يونس، الحكاية الشعبية، لاپەڕە «٢٩»

١٢ ـ جارێکی بۆزیاتر شارەزایی سەیری باسەکەم لە ژمارە (١١٥)ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ بکە.

١٣ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، رێوی گەرمیان و کوێستان، لاپەڕە «٥٧»

١٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە «٤٥».

١٥ ـ عبدالرحمن نەقشبەندی، هەبوو، لاپەڕە «١٦١ ـ ١٦٤»

١٦ ـ فوزي العنتيل، الحكايات الشعبية وتنمية طاقة الابداع، مجلة الطليعة ـ عدد (٤) ابريل ـ ١٩٦٦ ص٥٦ ـ

١٧ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ـ ٧٢ ـ

١٨ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، کراشم دڕاو چم پێ نەبرا، لاپەڕە «٢٦»

سەرچاوە

---

١ ـ الكزاندر هجرتي كراب ـ علم الفلكلور، ترجمة: رشدي صالح، دار الكاتب العربي، القاهرة ـ ١٩٦٧.

٢ ـ عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال، دار الشروق ـ عثمان ـ ١٩٨٤

٣ ـ د. عبدالحميد يونس، الحكاية الشعبية، سلسلة كتاب الجيب مشروع النشر المشترك.
٤ ـ مجلة الطليعة ـ العدد (٤) السنة الثانية، ابريل ١٩٦٦، عدد خاص حول «نظرة اشتراكية لعالم الطفل»
٥ ـ گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ـ ژماره (٢) ساڵی حەوتەم، ساڵی ـ ١٩٨٣ ـ
٦ ـ عبدالرحمن نقشبندی، هەبو. نەبو، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا ـ ١٩٨٠.
٧ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، تیتیلەو بیبیلە، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، بەغدا ـ ١٩٨٠
٨ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، رێوی گەرمیان و كوێستان، بەغدا ـ ١٩٨٤
٩ ـ عومەر ئیبراهیم عەزیز، كراشم دراو چم پێ نەبرا، بەغدا ـ ١٩٨٦
١٠ ـ گۆڤاری نووسەری كورد، ژماره (٦)ی خولی دووەم، شوباتی ـ ١٩٨١ ـ
١١ ـ كۆمەڵە چیرۆكێك دەستنووسی خۆم.
١٢ ـ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژماره (١١٥) ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧.

ملخص البحث:

الحيوان والحكايات الشعبية للأطفال

بقلم: نوزاد علي احمد
- اربيل -

ينقسم البحث الى قسمين، قسم نظري وقسم تطبيقي، في القسم النظري يتحدث الباحث عن الغرض من بحثه ولماذا اختار موضوع (علاقة الطفل بالحيوانات) ولماذا يميل الطفل الى اللعب مع بعض الحيوانات، أو يكون اهتمامه موجهاً الى حيوان معين دون غيره، لماذا يجلب الحيوان نظر الطفل وكيف يختلف هذا الامر بالنسبة لبيئة الطفل ونوع الحيوانات الموجودة فيها.

في القسم التطبيقي ينتخب الباحث عدداً من القصص الفلكلورية للاطفال ويحللها تحليلاً جيداً وكأن القصص تبدأ من نقطة معينة، تدور وكانها تكون الدائرة حتى يكتمل المحيط، ماراً (الى النقطة) بعدد من الاحداث والمفاجئات والصراعات بين الخير والشر الى ان ينتصر الخير والحق على الشر والباطل مع استخلاص بعض الجوانب التربوية والتوجيهية.